بە دووەم مانگ لەسەریەک ڕێژەی هەناوسانی مانگانە و ساڵانەی عێراق دابەزینی بەخێوە بینی



وەزارەتی پلاندانانی عێراق دڵێت، ڕێژەی هەناوسان لە عێراق لە مانگی تەموزدا بەروارد بە مانگی حوزەیراندا بە ڕێژەی ١.٢٪ کەمیکردووە.

ئەمە یەکشەممە ٢٤ـی ئابی ٢٠٢٥، عەبدولزوهرە هنداوی وتەبێژی وەزارەتی پلاندانانی عێراق لەگەیەندراوێکدا کەدەستی موتتوو بڵاویکردەوە، هەناوسان لە مانگی تەموزی ئەمساڵدا بە ڕێژەی ١.٢٪ کەمیکردووە، هەکارەکەشی بە دابەزینی نرخی کاڵا و شتومەک و خزمەتگوزارییەکان دەگەڕێتەوە.

هەروەها، لە ڕاپۆرتەکی بانکی ناوەندیی عێراقدا ئاماژە بۆ کراوە، لە چارەکی یەکەمی ئەمساڵدا، تەکەڵەی هەناوسان لە عێراق بە ڕێژەی ٢١٪ کەمی کردووە و گەیشتووەتە ٢.٢٪، ئەو دابەزینە بە بەراورد بوو بە چارەکی چوارەمی ٢٠٢٤، کە ئەو کاتە ڕێژەی هەناوسان ٢.٨٪ بووە، ئەو کەمبوونەوەیە ئاماژەیە بە دابەزینی ئاستی گشتی نرخ و باشتربوونی توانای کڕینی تاک و دامەزراوەکان لە عێراق.